ئەردۆگان: بە ترەمپم وت نابێت رەوشی ڤەنزوێلا ناسەقامگیربکرێت

لەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك كۆماری تورکیا رایگەیاند، لە میانی پەیوەندییەكی تەلەفۆنیدا بە دۆناڵد ترەمپی هاوتا ئەمریکییەكەی وتوە، "دەبێت ڤەنزوێلا لە هەر خلیسكانێك بێ ئاژاوە و ناسەقامگیری ڕزگار بكرێت".

لەجەب تەیب ئەردۆگان لەدوای كۆبونەوەی حكومەتی تورکیا لە لێدوانێكدا رایگەیاند، تورکیا لە قۆناغە هەستیارەدا لەپاڵ گەلی ڤەنزوێلا دەوەستێتەوە، دەستایەتی راستەقینە لەنێوان هەردو وڵاتدا هەیە.

ئەردۆگان لە لێدوانەكەیدا هێشداریدا لەوەی هەر پێشێلكارییەك بە سەروەری دەوڵەت یان سەرپێچیكردن لە یاسا نێودەوڵەتییەكان دەتوانێت دەرگا بەوی قەیرانێكی جیهانیدا بكاتەوە و وتی، "پێویستە نەزمی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ڕێساكان بپارێزرێت وەك گەرەنتی ئاسایش و سەقامگیری جیهانی".